# یاداشتێکی بەپەلە

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ئێمە دەستەیەك لە نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، ئەو پڕۆژە یاسایەی کە ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەمی2007 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەسەر "ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا" تەسدیقکرا، ڕابگرن، چونکە هەندێك بەندو بڕگەی ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیەی ئێستا، هەڕەشەی دیار بۆ سەر ژیانی مەدەنیی و سیستمی دیموکراسیی و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەریی دروستدەکەن، داواکارین بەرلەوەی بە ئیمزای بەڕێزتان بخرێتە قاڵبی یاسایەکی کارپێکراوەوە، دەرفەتێکی زیاتری بۆ گفتوگۆکردن و هەموارکردن بۆ بڕەخسێنن.**

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**دەستەیەك لە**
**نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**13ی کانوونی یەکەمی 2007**

1. ئەحمەد میرە– سەرنووسەری گۆڤاری لڤین.
2. ئارام عەلی– ڕادیۆی نەوا.
3. هەڤاڵ ئەبوبەکر– ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانیی لە کۆمپانیای وشە.
4. خەبات عەبدوڵڵا– سەرنووسەری سایتی سبەی.
5. ستران عەبدوڵڵا– سەرۆکی دەزگای خەندان.
6. سەردار عەبدوڵڵا– نووسەرو ڕۆژنامەنووس.
7. د. سامان فەوزی– مامۆستای زانکۆ.
8. فەرهاد عەونی– نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
9. هونەر ڕەسوڵ– نووسەرو ڕۆژنامەنووس.
10. ڕابەری سەید برایم– خاوەنئیمتیازی گۆڤاری ڕۆژنامەوان.
11. ئازاد سدیق– سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ.
12. حەمید ئەبوبەکر– دەزگای بەدرخان.
13. عەدالەت عەبدولا– سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.
14. شوان داودی– بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵ.
15. بەناز کوێستانی – سەرنووسەری ڕۆژنامەی پێگە.
16. ئەنوەر حسەین– سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی.
17. ئاریان محەمەد– سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی.
18. پەیمان عیزەدین– سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوە.
19. شیلان عومەر– بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ڕایەن.
20. سالار مەحمود– سەرنووسەری گۆڤاری هەشتاو هەشت.

# لە یاداشتێکی بەپەلەدا، رۆژنامەنووسان داوای راگرتنی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەریی دەکەن

پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 2007/12/13 دەستەیەك لە نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە بارەگای رادیۆی نەوا لە سلێمانی، کۆبوونەوە و یاداشتێکیان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد تا ئەو پڕۆژە یاسایەی کە ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەمی2007 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەسەر "ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا" تەسدیقکرا، ڕابگرن، چونکە هەندێك بەندو بڕگەی ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیەی ئێستا، هەڕەشەی دیار بۆ سەر ژیانی مەدەنیی و سیستمی دیموکراسیی و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەریی دروستدەکەن.